# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٤٤) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. لێخۆشبوون لە تەواوی سەدا سەدی سزای دواکەوتنی کەڵەکەبوو لەسەر خاوەنکاران تایبەت بە (بەشداری دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بە مەرجێک لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە بەرواری بەرکاربوونی ئەم بڕیارەوە تەواوی سەدا سەدی بڕی پارەی بەشداری دەستەبەری کۆمەڵایەتییەکە بدەن.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**